جامی ئەفریقا.. نیجیریا بە ئاسانی و بەچوار گۆڵی بەبەرامبەر لە مۆزەمبیقی بردەوە

لە جامی ئەفریقا نیجیریا بە ئاسانی و بەچوار گۆڵی بەبەرامبەر لە مۆزەمبیقی بردەوە.

لە یارییەکی قۆناغی 16ی جامی نێتەوەکانی ئەفریقا هەڤبڕاردەی مۆزەمبیق رووبەرووی نیجیریا بوویەوە.

لە تایمی یەکەمدا نیجیریا باشتربوون و توانیان لە خولەکەکانی 20 و 25 دووگۆڵی یەک لەدوای یەک لەرێگەی لەکمان و ئیسیمین تەماربکەن.

پاشان تیپی بەرامبەر هەوڵەکی زۆریدا بۆ کەم کردنەوەی ئەنجامی یارییەکە بەڵام سەرکەوتوونەبوون، سەرئەنجام نیوەی یەکەم لەبەرژەوەندی نیجیریا کۆتایی هات.

لەنیوەی دووەمدا هەمان سیناریۆ بەردەوامی هەبوو بەجۆرێک لە خولەکی 47ئیسیمین دووەم گۆڵی خۆی سەیەمی هەڤبڕاردەکەی تەمارکرد.

پاشان لە خولەکی 75ئادامس توانی ئیمزا لەسەر گۆڵی چوارەمی نەجیریا بکات.

سەرئەنجام یاریپێکە بە چواری گۆڵی بەبەرامبەر لەبەرژەوەندی نەجیریا کۆتایی هات و گۆیشتنە قۆناغی چارەکی کۆتایی و مەزەمبیقیش ماڵئاواییان کرد.